**ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کوردستان سەبارەت بە:**

# بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر سەدام حسێنو ژمارەیەك لەدەستو پێوەندەكەی

دوێنێ دادگای باڵای عێراقی لەسەر دۆسیەی دوجەیل، پاش چلوحەوت دانیشتن كە زیاتر لە ساڵێكی خایاند، سەرەنجام حوكمی لەسێدارەدانی بەسەر سەدامو ژمارەیەك لەهاوكارەكانیدا سەپاند.

هەرچەندە دادگاییو سەپاندنی توندترین سزا، بەسەر سەدامو ڕژێمەكەیو هاوكارەكانی، كە دەستیان سورە بەخوێنی دەیان هەزار ئینسانی بێتاوان لەژنو مناڵو گەورەساڵانی ئەم وڵاتەدا، یەكێك لەئاواتە ئینسانیودێرینەكانی خەڵكی كوردستانو عێراقو سەرجەم ئازادیخوازان بووە، بەڵام لەسیناریۆیەكدا مەسەلەی دادگایكردنی ڕژێمێك گۆڕدرا بەدادگایی ژمارەیەك موخالیفانی خودی ئەمریكاو، بەم شێوەیە كوێرەوەرییو مەئساتەكانی 35 ساڵ لەحاكمیەتی بەعس بۆ دادگایكردنی ئەو ژمارە كەمە لەتاونبارانی بەعس بچوككرایەوە. ئەمریكا كە خۆی تاونباری گەورەیە لەجیهاندا، تاوانەكانی زۆر لەتاونەكانی سەدام گەورەترو خوێناویترن، وەهەر لەپەیوەند بە كوشتنی خەڵكی بێتاوانەوە، ئەوە ئەمریكا بوو كە لەگەمارۆی ئابوری بۆسەر عێراق بوە هۆكاری كوشتنی زیاتر لە 2ملیۆن كەس كە نیوە زیاتریان مناڵ بوون، تادەگاتە هەردوو جەنگەكانی كەنداو و داگیركاریەكەی بۆ عێراق كە سەدان هەزار ئینسانی بێتاوانی كردە قوربانی موشەكەكانیو عێراقی كردە تاقیگەی چەكە كۆمەڵكوژەكانی، وە هەر ئیچستاو لەتازەترین ئاماردا ڕۆژنامە زمناحاڵەكانی خۆیان ڕێژەی قوربانیان لەپاش داگیركارییەوە بەزیاتر لە ٪2ی خەڵكی عێراق مەزەنە ئەكەن، هەربۆیە ئەوە سەرانی ئەمریكاوجەنەراڵە سەربازییەكانی ئەون كە ئەبێت لەپاڵ سەدامو داورودەستەكەیدا دادگایی بكرێنو ئەوكاتەش شادی ڕاستەقینەو كەیفو سەما كردن واقیعیەتی ئەبێت.

هەرچەندە كە سەدام وەك تاكێك چیتر لەناو بازنەی سیاسەتو هاوكێشە سیاسیەكانی عێراق نامێنێت، بەڵام بزوتنەوەكەی هەمیشە ئامادەو هەردەم لەبۆسەدان كە جارێكیتر كۆمەڵگا خەڵتانی خوێن بكەنەوە، هەر ئێستا ژمارەی شوڤێنیستە-ئیسلامیەكانی هاوفكری سەدام كەم نین لە ناو پەرلەمانی عێراقو وەزارەتەكاندا هەنو خاوەن بڕیارن، كەم نین ئەو گروپو دەستە تیرۆریستانەی كە ڕۆژانە كاری تیرۆریستیو تەقاندنەوە ئەنجام ئەدەنو خۆشیان بەمیراتگری سەدامو ڕێبازەكەی ئەو ئەو ئەزانن.

تائەو جێگەیەیشی كە بەسزای لەسێدارەدانەكەی ئەگەڕێتەوە، ئێمە لەحزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق دژی سەپاندنی حوكمی لەشێدارەدانین، هاوكات پێمان وایە كەئەم سزایە چەندین هۆكاری خراپی لێئەكەوێتەوە كە بەقازانجی كۆمەڵگاو ئینسانسەت نیە، چونكە وێڕای ئەوەی كە بەلەسێدارەدانی ، سەدام ئەكەنە كەسایەتیەكی ئەفسانەییو "قارەمانی ئوممەی عەرەبی"، هاوكات وەزعی عێراق نائارامترو ژیان تیایدا سەختتر ئەكات، وە سیناریۆی ڕەش هەرچی زیاتر قوڵتر ئەبێتەوە، وەدوریش نیە نەبێتە هۆكاری تەقینەوەی وەزعەكەش بۆ جەنگێكی تری ناوخۆیی لەنێوان كوردو عەرەبدا بەبیانوی ئەوەی كە بڕیارەكە لەلایەن حاكمێكی كوردەوە دراوە.

بۆیە هەروەك لەسەرەتای دەستگیركردنەكەیدا ڕامان گەیاند كەئەبێت سەدام لەدادگایەكی بێلایەنو نێودەوڵەتی دا بدرێتە دادگاو سەرجەم پەیوەندیە نهێنیەكانیو چالاكیە شاردراوەكانی نیشانی خەڵكی عێراقو جیهان بدرێت، ئێستاش هەر هەمان سیاسەت بەڕێگەچارەیەكی گونجاو دروست ئەزانین.

**ڕێكخراوی كوردستانی**
**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/11/6